

# دیمەنێک کە جیهانی گریاند

**عەبدولخالق بەرزنجی**

خوشکەکەی نیشتەجێی ولاتێکی بیانی بوو، چەند جارێک داوای لە کاربەدەستان کرد قایل بن بۆ ئەوەی براکەی و خێزان و دوو منداڵەکەی بە پەنابەر وەربگرن، بەر لەوەی کارلەکار بترازێت و لەدەستیان بدات، چونکە ئەوان لە ناو سیستمی ولاتێکی سەرکوتکەر و شەڕاوی گیریان خواردووە، ئەستەمە وا بە ئاسانی دەرباز بن و خۆیان بگەیەننە لای ئەو، جگە لەوەش لە خێزانێکی کوردی هەژار و کەم دەرامەتن. ڕووبەڕووی مەرگەساتێک بوونەتەوە، تا لەسنوورەکان ئاوادەبن، دەبێت ڕێی هاتونەهات بگرنەبەر. لە پاڵ هەندێش مەترسی شەڕی چەند ساڵەی نێوان ڕژێم و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە لایەک، ئینجا بەرەنگاربوونەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش لە دژی یەکتری لە سەرتاپای ولات لە لایەکی ترەوە، کوشتن و بڕین و کیمیاباران کردن و لە سێدارەدانی بۆ بەرهەم هێنابوون. سەرباری هەموو ئەمانەش ڕێکخراوێکی چاوسووری خوێنڕێژ و ڕیشداریش، ناوەناوە دەکەوتە گیانی میللەتەکەیان. لە هەر کوێیەک کەلێنێکی دەستکەوتایە، هەڵمەتی بۆ دەبردن و بەنامەردی و بە بەرچاوی هەموو جیهان، هەندێکی لێ قڕ دەکردن.. بۆچی نا ؟! چ با هەڵبکات، چ بەفر، هەر لەمان کەم دەبێتەوە. ئەم میللەتە بێ کەس و بەستەزمانە بەهێز و بازووی خۆی و بەخشینی ڕووباری خوێن، شاری بەرخودان و دەوروبەریان لەو دوژمنە سەرسەختە پاراست، تەنانەت ولاتپارێزەکانی (کۆبانێی پەرجومر) مەردانە شاربەدەریان کردن. لەپەنای شەڕی ناوخۆ و پێکدادانەکانی سوپای ڕژێم و لایەنە جیاوازەکانی تر، ئاژاوەنانەوە و خوێن ڕشتن و پەلاماردانی میللەتی کورد ناوەناوە بەردەوامی هەبوو، بارودۆخەکە هێندە سامناک و مەترسیدار بووبوو، خەڵکەکە ڕووبەڕووی سەرگەردانی و سەر لێ شێواوی بووبوونەوە، هەرخێزانە و هەوڵی خۆی دەدا تا سنووری ولات ببەزێنێت و بەرەو کەناری دەریای مەرگ بەڕێ بکەوێت، خێزانی (منداڵە سێ ساڵانەکە) یەکێ بوو لەو خێزانانەی لەشاری سەربەرزی بەرخودانەوە، خۆیان گەیاندە سەر ئەو کەنارە مەترسیدارە.

خوشکی سەرۆک خێزانەکە چەند ڕۆژ جارێک بە وێنە و دەنگ قسەی لەگەڵ برازا سێ ساڵانەکەی دەکرد و پێی

دەگوت: گیانەکەم، بۆ خۆت و براکەت تۆپی جوانم بۆ کڕیون تاکو لای من تۆپ تۆپێن بکەن، ئەویش چونکە لای هەمووان فرە خۆشەویست بوو، هەمیشە دەستپێشخەری دەکرد و باگۆی پووری دەدایەوە و بە تریقەی پێکەنینەوە دەیگوت: پووریێ، باوکم دەڵێ زۆرمان نەماوە بگەینە لاتان، ئەگەر گەیشتینە ئەوێ، دەبم بە یاریزان باشە؟! ئەویش وەڵامی دەدایەوە و پێی دەگوت: وەی بەقوربانت دەبم زۆرباشە.

لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا لەسەر پشتی یەختێکی چرووک بەرەو کەنارەکانی بەهەشتەکانی ئەورووپا کەوتنەڕێ، بەڵام ئەفسووس! هێندە لەو کەنارە دوورنەکەوتبوونەوە، شەپۆلی هاروهاجی دەریا سەرەنگرێیانی کرد و هەموو سەرنشینەکانی خستە ناو قووڵاییی سکی خۆی. تا دەهات شەپۆلی دەریا تووڕەتر و بێ بەزەییتر دەبوو، بۆیە ئەم جارە گشت خنکاوەکانی فڕێدایەوە سەر پشتی خۆی.

بەمەشەوە نەوەستا، دەمەدەمی بەیانی ڕایماڵینەوە بۆ سەر کەناری مەرگەسات، دایکی منداڵەکە و براکەی تری هەریەکەیان بەشێوەیەکی جەرگبڕ لەکەنارەکەدا لەسەر گازی پشت کەوتبوون، لەولاشەوە منداڵە بچکۆلانەکە وەک خەولێکەوتوویەک بەسەردەمدا کەوتبوو، مخابن! دەریای مەرگ گیرای نەکرد جەستە بچکۆلانەکەی ئەم و خێزانەکەی بەسەرپشتیدا بپەڕێنێتەوە بۆ کەناری ئاشتی و ئارامی، بەڵام ئەوەی زۆر جێی سەرنج و دڵتەزێن و جەرگبڕیش بوو، دیمەنی منداڵە بچکۆلانە لەکەنار بەجێماوەکە بوو، هێندە بێ ناز بەدەمداکەوتبوو، ویژدانی هەموو مرۆڤایەتی سەرانسەری گەردوونی هەژاند، بە درێژاییی چەند ڕۆژێک کەس نەما بە هەنسکدانەوە بۆی نەگرییێ. مخابن! ئەم و دایک و براکەی لەم گەشتەدا بەئاکام نەگەیشتن، باوکی بەستەزمان و پشت شکاویشی بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە، کاتێ لەگەڵ خەڵکی کۆبانێ بەرەو گۆڕستان بەڕێ کەوتن بۆ ناشتنی ئەندامانی خێزانەکەی بە تەنیا (ئایلانی) لەسەردەست و باوەشی خۆیدا هەڵگرتبوو.

**٢٠١٨/٢/٢**

## بایی هەزار دینار نەوت

لە ماڵە ساردوسڕەکەی هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی هەندێک نەوت بۆ چرا و سەماوەری ماڵەوە بکڕێت، منداڵەکانی هاتوهاوار و قیژوهۆڕیان بوو تا دوای بکەون، بەڵام ئەو زوو دەرگەیانی لەسەر داخست و بەرەو نەوتفرۆشی ناو بازاڕەکەیان هەنگاوی نا، کە گەیشتە لای، بەخۆی و دەببەیەک لە بەردەمی دوکانی نەوتفرۆشەکە بە کڵۆڵی وەستا و دەمی چووە کلیلە... نەوتفرۆش لەدڵی خۆیدا گوتی: وا دیارە خوا ناردی! ئاخۆ ئەمڕۆ دەبێت سفتاحەکەم بە چەند بکەمەوە؟! فەرموو خوشکم، بڵێ بایی چەندت دەوێت؟ ئەویش کە دەببەنەوتێکی بەدەستەوەبوو، وای زانی بەو پارەیەی پێیەتی نیوەی بۆ پڕ دەکات و بە دڵێکی خۆش دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، لە ناکاو پێی گوت: کاکە بایی هەزار دینارم دەوێت.

نەوتفرۆش ڕەنگێکی هێنا و ڕەنگێکی برد، لە شوێنەکەی خۆی ساردبووەوە، لە وەڵامدا گوتی: خوشکم چی لەناو دەببەکەت بکەم؟! ئاخر پێنج یەکی ناو ئەم دەببەیەی پێ نایەت !! ژنەکە دۆش داما و چاوەڕوانی کاردانەوەی نەوتفرۆشی کرد، ئەویش بەنابەدڵی و بە خاترانە و بەزەیی پیاهاتنەوە پێنج یەکی بۆ لەناو دەببەکە کرد و پارەکەی لێ وەرگرت. ژنە هەژارەکە لە تووڕەییان سوورهەڵگەڕا و پێی گوت: براکەم، هەندێکی ترم بۆ تێکە خۆ دنیا قاتوقڕی نییە! بەخوا ئەمەم بۆ داگیرساندنی چرا و سەماوەرە شەقوشڕەکەمە، ئاخۆ دەبێت چەند جار بەم چۆڕە نەوتە دایانگیرسێنم؟! هەرچەندە نەوتفرۆش لەناو هەناویدا دەکولاو هیچی لە دەست نەدەهات،چونکە بارودۆخەکە بۆ ئەم و بۆ هەموو هاوشێوەی ئەویش وەک یەک وابوو، لە وەڵامدا گوتی: خوشکم نەوت ئاو نییە هەتا هەندێکت بۆ زیاد بکەم! منیش پارەم پێداوە،ئەگەر دڵۆپێکیشت بۆ زیاد بکەم، هیچ قازانجێک ناکەم، فەرموو نەوتەکەت هەڵگرە و بەخێر بێیت سەرچاوم. ژنەکە زۆری لێ پاڕایەوە بڕێکی تری بۆ تێ بکا: بە قوربانت دەبم لە بەرمیلە نەوتەکەی بۆمان دێت بۆتی قەرەبوو دەکەمەوە، بەڵام هەر دادی نەدا، ئەو لە وەڵامدا پێی گوت: خوشکم (چۆلەکەیەکی ناودەست لە کۆمەڵێک چۆلەکەی سەر درەخت سوودی زیاترە...) ژنەکە بە ناچاری بەچۆڕە نەوت و چاوی پڕ لە فرمێسکەوە ڕێگەی ماڵەوەی گرتەبەر، بەدرێژاییی ڕێگا لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئاخۆ دەبێ مەبەستی نەوتفرۆش ئەوە بووبێت نەوتەکە وەرناگرین؟! بەخوا ڕەنگە قسەکەی ڕاست بێت، چونکە وا خەریکە زستان بەرەو کۆتاییی دەڕوات و بەرمیلە نەوتەکەشمان هەر وەرنەگرت،کەواتە زستان بەم چۆڕە چۆڕی نەوتە چۆن تەواو دەبێت؟! ئینجا دەستی بە نزا و پاڕانەوە کرد: خودایە! ژیانمان بەفیڕۆ ڕۆیشت، یان من بکوژە، یان ئەو مۆتەکە زۆردار و بێ ئیمانانەی سەرسینگمان کە بوونەتە لاورگە و قڕکەری ئەم میللەتە.

**٢٠١٨/١/٢١ ، هەولێر**